# نووسین بۆ؟

بۆچی ئەنووسیت؟! ئەمە ئەو پرسیارە سادە و باوەیە کە هەموو نووسەرێک ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، هەریەکەشیان لە دیدی خۆیەوە وەڵامێک ئەداتەوە کە لە وەڵامی ئەوی تریان ناچێت. تا ڕادەیەکیش زۆرینەی نووسەران لەسەر ئەوە ڕێکن کە هیچ وەڵامێک ناتوانێت وەڵامی کۆتایی ئەم پرسیارە بێت. بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە ئەم پرسیارە پێچەوانە بکەینەوە و بە نووسەر بڵێین؛ ئەگەر نەنووسیت چی ڕووئەدات؟

من پێموایە پرسیاری یەکەم؛ بۆچی ئەنووسیت؟ لەلایەن زۆرینەی ئەو خەڵکە کونجکوڵ و تا ڕادەیەک سادانەوە کراوە و ئەکرێت، بۆ ئەوەی بزانن نووسەران چۆن ئەنووسن و چی ئەنووسن و بۆچی ئەنووسن. وەڵامی ئەم پرسیارە، لەگەڵ قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگادا لەلایەن نووسەرانەوە بەچەشنی زۆر جیاواز وەڵامدراوەتەوە، هەریەک لەو ڕێبازە ئەدەبییانەش کە یەک لە دوای یەک هاتوون هەندێک جار لە قۆناغێکی تایبەتی کۆمەڵگادا هۆکارێک بوون بۆ یەکخستنی وەڵامێک بۆ بیانوهێنانەوەی نووسین، یاخود پێدانی پەیامێک بە نووسین، ئەمەش بەبیانووی بیرکردنەوە دەستەجەمعی و ئایدۆلۆژیی و کلتوری و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە بووە. بەڵام لێرەدا من بەهیچ شێوەیەک خۆم لەقەرەی شیکردنەوەی پەیام بەخشین بە نووسین نادەم بۆ ئەوەی ناچارنەبم لە نووسینیکی کورتی وادا کێشە بۆخۆم دروستبکەم.

من ئەگەر نەنووسم چی ڕووئەدات؟ پێچەوانەکردنەوەی ئەم پرسیارە زیاتر هەڵوێستەم پێ ئەکات وەک لە پرسیاری بۆچی ئەنووسم، هەڵوێستەکەی من لەسەرەتادا وەک جۆرێک لە بەرگریکردن و بەراوردکردنی خۆم لەگەڵ ئەوانی تردا دەرئەکەوێت. بەڵام ئەمەش بۆ نووسەرانێک کە پێش هەرشت نووسین وەک چالاکییەکی ئینسانی و مومارەسەکردنی ئازادی ئەبینن، هەرزوو خۆیان لەو بەراوردکردن و بیانوانە ئەپارێزن بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ئەو دوالیزمانەی کە دابەشبوون بەسەر ڕەش و سپیدا. چونکە ئەدەب نە مەیدانی جیاکردنەوەی ڕەش و سپییە و نە جێگای دادگایکردنی ئینسانەکانیشە لەبەرامبەر خێر و شەڕدا.

گەر نووسین بۆ من بەشێک بێت لەو شوناسە بزێ و ناجێگیرەی کە ئەمەوێت هەمبێت، کەوایە ئایا نەنووسین ئەبێتە بزرکردنی بەشێکی گەورەی ئەو شوناسە یان نا؟ ئەگەر من نامنوسیایە چۆن بمتوانیایە گوزارشت لە خۆم و دنیا و دەوروبەرم بکەم، چۆن پرسیارە وجودییە بێ وەڵامەکان بەخۆیانەوە سەرقاڵیان بکردمایە، ئەبوو چ گوزارشتێکی ترم بدۆزیایەتەوە بۆ باسکردنی توڕەبوونەکانم، ئازارەکان و تەمەناکان و خەونەکانم؟!

بەشێوەیەکی گشتی نەنووسین بۆ من ڕیسکێکی گەورەیە، چونکە ئەمخاتە بەردەم ترسی لەدەستدانی ئەو ئەدات سەرەکییەی بۆ نووسین بەکاری دێنم، کە ئەویش زمانە. ناکرێت و مەحاڵە من وەک ئینسان دەست لە زمان هەڵگرم، کە زمان خۆی بمخاتەوە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکەم ئەداتی من بێت بۆ پەیوەندی بەوانی

ترەوە، بە دیوێکی گشتیشدا بۆخۆی بەشێکی هەرە گەورەبێت لە بنیاتنانی کلتوردا، ئیتر چۆن بتوان فەرامۆشی بکەم. لە کاتێکدا زمان یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ ئەو تاکگەراییەی لە ڕێگەیەوە لەناو ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە کوردییەدا دروستی ئەکەم کە پڕە لە زۆنی خەتەرناک، ئیتر من چۆن بتوانم دەستبەرداری نووسین بم و بە نە نووسین بیگۆڕمەوە.

بەڵام کێ وام لێدەکات بنووسم جگە لە ویست و تەمەناکانی خۆم؟ بێگومان هەر خۆم. کەوایە من ئەنووسم و ناوم نووسەرە، ئەم کارەش چالاکییەکی ئینسانیە و تایبەتە بە خۆم و خۆم بەویست و تەمەناکانی خۆم هەڵمبژاردووە، بۆیە ئەبێت ڕازی نەبم وەک سیاسییەکی درۆزن و وەک دینداڕێکی بێ دین و وەک جاهلێکی کوشندە دەربکەوم، نابێت ڕازییم بە دروستکردنی ئەو هالەیەی کە نووسەربوون لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا لە دەوری نووسەر دروستی ئەکات، وائەکات ئینسانە ڕاستەقینەکە کە نووسەر خۆیەتی لە ناو سەدان کۆپی دروستکراوی خەیاڵی کەسانی تردا ونببێت. مادام نووسین جگە لە باسکردنی ئینسان و خودی خۆی شتێکی تر نییە، ئەوا ئەبێت سیفەی ئینسان بوون پێش هەرشت بدەمەوە بە نووسەر و هەموو ئەو هالانەی تر بشکێنم کە ئینسان بوونی نووسەرمان لێ ئەشارنەوە.

من پێموایە وەک چۆن تورەبوون لە گەنج بسەنیتەوە گەنجێتی خۆی ئەدۆڕێنێت، ئاوا خەیاڵ و سەرسوڕمان لە نووسەریش بسەنیتەوە، لە نووسەربوون ئەکەوێت. ئەوەی کە تورەبوون ئەدات بە گەنج خەسڵەتی گەنجانەی ئینسانە، بۆیە ئەبێت خەیاڵ و سەرسوڕمان و پرسیاریش خەسڵەتی ڕاستەقینەی نووسەر خۆی بێت دەنا ئینسانێکمان نابێت ناوی گەنج بێت و کەسێکیش ناوی نووسەر بێت.

کە واتە هەم پرسیاری بۆ نووسین؟ و هەم پرسیاری بۆ نەنووسین؟ ناکرێت لە وەڵامێکی بێ چەند و چووندا قەتیسیان بکەین، هیچ نا لەبەرئەوەی ئەدەب بۆ خۆی پێش هەرشت مەملەکەتی "بۆ؟ی پرسیاری نووسەرانە نەک مەملەکەتی وەڵامەکان.